سوپای ئێران: بە فەرماندەیی موجتەبا خامنەیی، ئەمریکا و دوژمنان پێشیمان دەکەینەوە لە هەر دەستدرێژیێک بە سەرمان

لە دەیەمین ڕۆژی ئۆ شەڕی کە لە 28ی شوباتی ئەمساڵ دەستیپێکردووە، سوپای ئیسرائیل هێرشکانی بە سەر ناوخەی ئێران نوێکردەوە،لە بەرامبەردا سوپای ئێران هێرشکانی نوێکردەوە و ڕایگەیاند، "بە فەرماندەیی موجتەبا خامنەیی، وا لە ئەمریکا و هەمو دوژمنەکانی دیکە دەکەین کە پێشیمان ببنەوە لە هەر دەستدرێژیێک بە سەرمان".

سوپای ئیسرائیل ئەمڕۆ دوشەممە لە ڕاگەیەندراوێکی کورتدا ڕایگەیاند، شەپۆلێکی نوێی هێرشکانی لە ناوەڕاستی ئێران دەستپێکردوە و هێرشی کردوەتە سەر "ژێرخانی ڕۆژیمی ئێران".

ئاماژەی بەوەشکرد، "هێرشیان کردوەتە سەر شوێنەکانی هێدانی موشێکی بالیستی، هێروەها بارەگاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخە و بەسیج". هێروەها بارەگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخە لە ئیسفەهان کراوەتە ئامانج.

هاوکات ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوەدەکەن، بنکەی ئاسمانی بەندەر عەباس لە باشوری ئێران بە دو موشێک

هەرش کراوەتە سەر و لە ئەنجامدا تەقینەوەی توندوتیژی ڕویداوە.

هەروەها بەگوێرەی میدیاکانی ئێران، هێرشی ئاسمانی قورس بە چەند شوێنێکی شاری ئیسفەهان و ناوچەکانی دیکەی تاران و شاری زەنجان لە باکوری ڕۆژئاوای ئێو وڵاتە ڕاگەیەندراوە، هەروەها بەردومانێکە ناوچەی شەهرەی لە باشوری ڕۆژئاوای تارانیشی گرتەوە.

لە بەرامبەردا سوپای ئێران هەڕەشەکانی نوێکردەوە و ئەرکانی گشتیی ئێران ڕایگەیاند، "بە فەرماندەیی موجتەبا خامنەیی، وا لە ئەمریکا و هەمو دوژمنەکانی دیکە دەکەین کە پەشیمان ببنەوە لە هەر دەستدرێژییەک بە سەرمان".

لایەنێوە سوپای پاسدارانی ئێران بەیعەتی خۆی بە ڕەبەری مەزنی نوێی ئێران ڕاگەیاند، لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت، "سوپای پاسداران وەک سەربازێکی بەهێز و قەڵەی ڕەبەری باڵای کەماری ئیسلامی ئامادەیە فەرمانەکانی موجتەبا خامنەیی جێبەجێ بکات و پاڵپشتی لێو هەڵبژاردنە بکات کە مەجلیسی شارەزایان ئەنجامی داوە".

هاوکات چەند دەوڵەتێکی کەنداو ڕایانگەیاند، فڕۆکەی بەفڕۆکەوان و موشەکیان بەسەر خاکەکانیاندا لەناوبردوە، بەحرەین بڕاویکردەوە، شەوی یەکشەممە لە هێرشێکی فڕۆکەی بەفڕۆکەوانی ئێران بە سەر دورگەی سیترا 32 کەس بریندار بون.

هەروەها بە گوێرەی ئاژانسی فرانس پرەس، دەنگی تەقینەوە لە دەوەڵەی پایتەختی قەتەریش بیستراوە، وەزارەتی بەرگری قەتەر ڕایگەیاند، هێزەکانیان ڕاگریان لە هێرشێکی موشەکی کردوە.

وەزارەتی بەرگری کوەیت ڕایگەیاند، وڵاتەکەی کوتوەتە بەر هێرشێکی نوێی موشەک و فڕۆکەی بەفڕۆکەوان و پشتڕاستی کردەوە کە "بەرگری ئاسمانی موشەک و فڕۆکەی بەفڕۆکەوانی بالیستی و کروزی ئێرانیان گرتوە".

لە سعودیە وەزارەتی بەرگری ڕاگری لە دو فڕۆکەی بەفڕۆکەوان ڕاگەیاند، کە بەرەو کەنگەی نەوتی شەیبە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئێو وڵاتە دەڕێشتن.